# ڕۆڵی ریكلامی ئەلیكترۆنی لەهاندانی بڕیاری كڕین لای قوتابیانی زانكۆ

## (توێژینەوەیەكی هەڵینچراو لە تێزی دكتۆرا)

ظاهر حمدأمین صابر[1] پ.ی.د. سامان جلال مولود[2]
[1] بەشی ڕاگەیاندن، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی كوردستان، عێراق.
[2] بەشی ڕاگەیاندن، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی كوردستان، عێراق.

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی ڕادەی گرنگیدان بە ریكلامی ئەلیكترۆنی لەلای قوتابیانی زانكۆیە. دەرخستنی ڕادەی كاریگەری ریكلامی ئەلیكترۆنی لەسەر بڕیاری كڕین، گرنگی توێژینەوە لەوەدایە كە هەوڵێكە بۆ تێگەیشتن لە بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی ریكلامی ئەلیكترۆنی و ڕۆڵی لە گۆڕینی بڕیاری كڕین. لەم گۆشەنیگایەوە توێژەر لەم توێژینەویەدا بەشێوەیەكی زانستیرۆڵی ریكلامی ئەلیكترۆنی لەهاندانی بڕیاری كڕین لای قوتابیانی زانكۆ دەخاتە ڕوو. ئەم توێژینەوەیە لە جۆری وەسفییە، توێژەر بەمەبەستی بەدیهێنانی داتا و زانیاری ورد و پێویست سەبارەت بە بابەتی توێژینەوە، میتۆدی ڕووپێوی بەكارهێناوە. كۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە قوتابیانی زانكۆی پۆلیتەكنیكی هەولێر، كە نموونەی(300) قوتابی لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ وەرگیراون، گرنگترین ئەو ئەنجامانەی، كە توێژەر پێی گەشتووە ریكلامی ئەلیكترۆنی سەرچاوەیەكی گرنگی زانیاری بەركارهێنەرانە، لە هەڵبژاردنی باشترین بژاردە یارمەتیان دەدات. هەروەها ریكلامی ئەلیكترۆنی كاریگەریی لەسەر بڕیاری كڕین هەیە. لە كۆتایی توێژینەوەكەدا چەند ڕاسپاردو پێشنیازێك خراونەتە ڕوو.

**كلیلی وشەكان: ڕۆڵ، ریكلامی ئەلیكترۆنی، هاندان، بڕیاری كڕین، قوتابیانی زانكۆ.**

## 1. پێشەكی

لەسەردەمی ئێستادا ڕیكلامی ئەلیكترۆنی بۆتە هونەر و شێوازێكی كاریگەر لەپرۆسەی پەیوەندیكردن و زانیاری پێویست دەگەیەنێتە بەكاربەر سەبارەت بەو كاڵا و خزمەتگوزاری و بیرۆكانەی كە هەن. لەپێناو باوەڕپێهێنان و دروستكردنی ڕەزامەندی لەناوەرۆكی ریكلامدا، ڕەهەندە كۆمەڵایەتی و ئابوورییەكان لەبەر چاودەگرێت، تاوەكو ریكلام كاریگەری خۆی بەجێ بهێڵێت و ئامانجەكانی بەدی بهێنێت.

ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی (ڕۆڵی ریكلامی ئەلیكترۆنی لەهاندانی بڕیاری كڕین لای قوتابیانی زانكۆ)یە. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە كدەیەوێ بایەخی ئەو لایەنە دەربخات بۆ ئەوانەی لەو بوارەدا كاردەكەن، بەشێوەیەك مەبەستێكی دروستیان لەبەرامبەر بەكاربەرو ڕەفتارەكانیان هەبێت. هەروەها هەوڵدەدات بزانێت تا چەند ریكلامی ئەلیكترۆنی ڕۆڵی لە هاندانی بڕیاری كڕین بۆ كڕینی كاڵا داوە، هەروەها تاچەند لەو كارەیدا سەركەوتوو بووە. ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێكهاتووە، بەشی یەكەمیان خۆی لە چوارچێوەی توێژینەوە دەبینێتەوە، بەشی دووەمی بریتیە لەلایەنی تیۆری كە دوو تەوەرە لەخۆ دەگرێت، تەوەری یەكەم باس لە ریكلامی ئەلیكترۆنی دەكات و تەوەری دووەم باس لە بڕیاری كڕین دەكات. بەشی سێیەم بریتیە لە لایەنی مەیدانی توێژینەوەكە كە خستنە ڕووی داتا و زانیارییەكان و بەتاڵكردن وشیكردنەوە لە خۆدەگرێ. دواتر دەرئەنجام و ڕاسپاردەكانی توێژینەوەكە خراونەتەڕوو.

مجلّة پۆلیتكنیك للعلوم الإنسانیة والإجتماعیة
المجلد 4 ، العدد 1 (2023)
أُستلم البحث في 06 اغسطس 2021؛ قُبل في 25 أكتوبر 2021
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 12 أبريل 2023
البرید الإلكتروني للمؤلف: zahir.sabir@epu.edu.iq
حقوق الطبع والنشر © 2023 ظاهر. د. سامان، هذه مقالة الوصول الیها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبیة - CC BY-NC-ND 4.0

## بەشی یەکەم: میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە

### یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە:-

### 1 - کێشەی توێژینەوە:

ئەم کێشەی توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ڕۆڵی ڕیکلامی ئەلیکترۆنی لەهاندانی بڕیاری کڕین لای قوتابیانی زانکۆ، بە لەبەر چاوگرتنی ئەو ڕاستیەی، کە ڕیکلامی ئەلیکترۆنی کۆمەڵە چالاکیەکە، بەهۆیەوە چەند پەیامێك ئاڕاستەی جەماوەرێکی دیاریکراو دەکات. لەپێناو بەئاگاهێنان و هاندانیان بۆ کڕینی کاڵا و خزمەتگوزاریەک، هەروەها کاریگەری کردنە سەریان یان گۆڕینی بۆچونیان.

### 2 - گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی ڕیکلامی ئەلیکترۆنی و ڕۆڵی لە گۆڕینی بڕیاری کڕین لای قوتابیانی زانکۆ، هەروەها چۆنێتی دروستبوونی کاریگەری لەسەریان و پەیوەندی نێوان ڕیکلامی ئەلیکترۆنی و بڕیاری کڕین، لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی مامەڵەکردنی قوتابیان بە ڕیکلامی ئەلیکترۆنی. لێرەدا بە زانینی لایەنە باش وخراپەکان و دیاریکردنی ئەو پاڵنەرانەی کەوا دەکات، لەسەر کڕینی کاڵا و بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەک بڕیاربدات.

### 3 - ئامانجەکانی توێژینەوە:

1. زانینی ڕادەی گرنگیدان بە ڕیکلامی ئەلیکترۆنی لەلای قوتابیانی زانکۆ.
2. دەرخستنی ڕادەی کاریگەری ڕیکلامی ئەلیکترۆنی لەسەر بڕیاری کڕین.
3. دەرخستنی تایبەتمەندی ڕیکلامی ئەلیکترۆنی و شێوازی ئاڕاستەکردنیان بۆ بەکاربەران.

### 4 - پرسیارەکانی توێژینەوە:

1. ئایا ڕیکلامی ئەلیکترۆنی ڕۆڵ و توانای قایلکردنی قوتابیانی زانکۆی هەیە؟
2. ئایا پەیامی ڕیکلامی ئەلیکترۆنی تاچەند لای قوتابیانی زانکۆ قبوڵکراوە؟
3. ئایا توخمەکانی ڕیکلامی ئەلیکترۆنی ڕۆڵیان لەهاندانی بڕیاری کڕین هەیە؟
4. تا چەند ناوەرۆکی پەیامی ڕیکلامی ئەلیکترۆنی کاریگەری لەسەر بڕیاری کڕین لای قوتابیانی زانکۆ هەیە؟

### دووەم: میتۆدی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەسفی، ڕوپێوییە. میتۆدێکی گونجاوە بۆ سروشتی ئەم توێژینەوەیە، تاوەکو لەچوارچێوەیەکی زانستیدا بگونجێت و لەگەڵ هێنانەدی ئامانج و بەدەستهێنانی زانیاریە وردەکانیدا بگونجێت.

### سێیەم: کەرەستەکانی توێژینەوە:

گرنگترین ئەو کەرەستەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە بریتیە لە فۆڕمی ڕاپرسی.

### چوارەم: کۆمەڵگەی توێژینەوەو سامپڵی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە قوتابیانی زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر. سامپڵی توێژینەوەکە بریتیە لە قوتابیانی هەر سێ کۆلێژی تەکنیکی کارگێری و تەکنیکی ئەندازیاری و تەکنیکی پزیشکی لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، بەشێوەی نموونەی هەڕەمەکی، کەوا نموونەی(300) قوتابی وەرگیراوە، کە کۆی گشتی هەر سێ کۆلێژ بریتیە لە(2,088) قوتابی.

### پێنجەم: دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە:

1. ڕۆڵ (Role) : لە بنەڕەتدا ئەم چەمکە لە شانۆ وەرگیراوە و چەمکێکی ئینگلیزییە. ڕۆڵ بریتییە"لە کۆمەڵە ئەرك و گرنگییەك، بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانج و پشتیوانی کردنی بۆ چوون وئاڕاستەیەکی دیاریکراو، بەشداری لە برەودان بە بابەتێك یاخود بوارێکی دیاریکراودا دەکات". (حامد، 2012، 49).
2. ڕۆڵ ئەو فەرمان یان ئەو کارەیە، کەهۆکارێک لەهۆکارەکانی ڕاگەیاندن بۆ جەماوەر، لەبوارێکی دیاریکراودا، ئەنجامیت دەدەن، وەک:- فێرکردن، ڕێنمایی، هەواڵ ئاڕاستە کاری...هتد. (عبدول 2004، 566)
3. ڕیکلامی ئەلیکترۆنی(Electronic Advertising) : توێژەران و ئەکادیمییەکان، بۆچوونی جیاوازیان لە بارەی ناساندنی چەمکی ڕیکلامی ئەلیکترۆنی هەیە، بۆیە دەکرێت بلێین:-- ڕیکلامی ئەلیکترۆنی، ئەو جۆرە ڕیکلامە جیاوازەیە کە لەگەڵ شێوازەکانی تری ڕیکلام، لەڕێگەی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرو مۆبایلە زیرەکان بڵاودەکرێتەوەو بەئامانجی گۆڕینی تێڕوانینی بەکاربەر بۆ بەرهەم و خزمەتگوزارییە نوێکان بەشێوەی ڤیدیۆ و دەنگ و وێنە و تێکست و گرافیک پێشاندەدرێت). (طە 2007، 288)
4. هاندان (Motivate): پاڵنەری سەرەکیە، لەپێناو بەدیهێنان و دەستەبەرکردنی خواستەکانیان پاڵ بە تاکەکانەوە دەنێت، هەروەها وەڵامدانەوەی هەرشتێکە کە داوای لێبکرێت. (عبدالرحمن 2005، 1)
5. بڕیاری کڕین(Purchasing decision): سایمون بڕیارکڕین بەوە پێناسە دەکات کەوا"دیاریکردنی کۆمەڵێک ئەلتەرناتیڤە لەپێناو دۆزینەوە و چارەسەری گونجا بۆ گرفتێکی تازە کە لە نێو جیهانی گۆڕاوەکاندا دروست بووە، کە ئەمە ناوەرۆکێکی چالاکی جێ بەجێکردن لە کارەکانیدا هەیە" (دلیلة 2011، 218)

## بەشی دووەم

## تەوەری یەکەم: ڕیکلامی ئەلیکترۆنی

### یەکەم: پێناسەی ڕیکلامی ئەلیکترۆنی:-

6. ڕیکلامی ئەلیکترۆنی، بە ڕیکلامی سەردەم ناسراوە، هەروەها بەنەرمی و کەمی تێچوون و خێرایی بڵاوبوونەوەو لە جوگرافیایەکی فرەواندا جیادەکرێتەوە. ئەم جۆرە ڕیکلامە بەشێوەیەکی وردو لەئاستێکی باڵادا دەتواندرێت ئاڕاستەی هەموو چین و توێژە دیاریکراوەکان بکرێت. ئەم شێوازەی ڕیکلامکردن، ئامرازی جۆراوجۆری تێدا دێتە بەکارهێنان، وەکو دەنگ، وێنەی جوڵاو، پارچە ڤیدیۆ و...هتد، هەر ئەمە وا دەکات،

سەرنجڕاکێشتر و کاریگەرتر بێت، بە بەراورد لەگەڵ ڕێگە کۆن و باوەکاندا، بە تایبەت لەچاو ریکلامی چاپکراودا. (شفیق 2009، 29)

7. ریکلامی ئەلیکترۆنی:- "ئامرازێکی پەیوەندیکردنی ناتاکە کەسییە، کەوا کۆمپانیاو دامەزراوەو تەنانەت تاکەکان بە ئامانجی دەستکەوتنی قازانج پەنای بۆ دەبەن، بەمەبەستی پێشکەشکردنی کاڵا و خزمەتگوزاری و بیروبۆچوونەکان بۆ بەکاربەران یاخود کڕیارەکان، لەم ڕێگەیەوە هەوڵی قایلکردنیان دەدەن". (الزعبی 2016 ، 160)

يڵ لەو هەوڵانەی بۆ پێناسەکردنی ریکلامی ئەلیکترۆنی دراون، دەتوانین بڵێین:- ریکلامی ئەلیکترۆنی بریتیە لە ئامرازێکی ناتاکەکەسی، کەوا ئامانجی برەودانە بە کاڵا و خزمەتگوزاری و بیربۆچوونە جیاوازەکان، لەرێگەی بەکارهێنانی تەکنیکە ئەلیکترۆنییە جیاوازەکان. هەموو ئەمانە بەشێوازێکی سەرنجڕاکێش و داهێنەرانە جێبەجێ دەکات.

## دووەم:ئامانجەکانی ریکلامی ئەلیکترۆنی:-

1. لەبەرئەوەی ریکلامی ئەلیکترۆنی بایەخێکی یەکجار زۆری هەیەو ئەو ئامانجانەی کە لەپێناویدا بۆی دروست بووە، بریتین لە:-
2. بە بیرهێنانەوەی کاڵاکان یان خزمەتگوزارییەکان بۆ بەکارهێنانیان.
3. گۆڕینی ئاراستەی بەکاربەران بۆ براندە رەسەنەکان و خزمەتگوزارییەکان.
4. گۆڕین و چەسپاندنی تایبەتمەندییەکانی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان لەهزری بەکابەردا.
5. ئەم ئامانجانە بەمەبەستی سەرنج ڕاکێسانی بەکاربەرانی نوێیە بۆ کاڵاکان. لەرێگەی ریکلامە ئەلیکترۆنییەکانەوە، کار لەسەر خەسڵەتە جیاوازەکانی کاڵاکە دەکرێت و پێگە و شوێنێکی دەگمەن و ناوازەی پێ دەبەخشێت. هەر بۆیە کاڵای باش و سەرکەوتوو لە بازاڕدا، پێویستە خەسڵەتەکانی لە کاڵا هاوشێوەکانی دیکەی لە بازاڕدا جیاواز بن. (العلاق 2006، 87)
6. سێیەم: ئەرکەکانی ریکلامی ئەلیکترۆنی:-
7. لە گرینگترین ئەرکەکانی ریکلامی ئەلیکترۆنی، بریتین لە:-
8. فەراهەمکردنی زانیاری:- ریکلامی ئەلیکترۆنی کار بۆ دەستەبەرکردن و فەراهەمکردنی زانیاری دەکات، هەر بۆیە سەرهەڵدانی بەرهەم بەبڕو ڕێژەیەکی زۆر، دەبێتە مایەی ئەوەی، قەبارەی خستنەروو لە قەبارەی خواست زیاتر بێت.
9. بەدیهێنانی تێربوون:- ریکلامی ئەلیکترۆنی ڕۆڵێکی گرینگ لەبازاڕگەری کاڵا و خزمەتگوزاریدا دەبینێت، بەتایبەت ئەوکاتەی بەرهەمەکان لەرووی خەسڵەتەکانیانەوە هاوشێوەبن، هەر بۆیە هاتنە ناوەوەی ریکلامی ئەلیکترۆنی، تێربوونێکی دیاریکراو بە بەکابەران دەبەخشێت و تایبەتمەندییەکی کێبەرکێکاری لەبازاردا بۆ کاڵا و خزمەتگوزارییەکان دروست دەکات.
10. خێرایی کاریگەری: ریکلامی ئەلیکترۆنی بەئاوێتەیەکی ئەلیکترۆنی دێتە ناسین، کە دەشێت بە سانایی و بە خێرایی بگۆڕدرێت.
11. ڕووبەڕووبوونەوەی تەنگژەکان:- ریکلامی ئەلیکترۆنی ڕۆڵێکی گرینگ لەڕووبەڕووبوونەوەی تەنگژەکاندا دەبینێت. هەروەها دامەزراوەکان لەرێگەی بەکارهێنانی ریکلامی ئەلیکترۆنی، هەوڵی فێرکردنی بەکاربەر دەدەن، لەرووی شێوازی بەکارهێنانی کاڵاکان و خزمەتگوزاری و شارەزاکردنیان بەو شوێنانەی کەوا کاڵاکانیان تێدایە. (الزعبی 2016 ، 164-165)

## چوارەم: تایبەتمەندییەکانی ریکلامی ئەلیکترۆنی

دەتوانین بەم شێوەیە تایبەتمەندییەکانی ریکلامی ئەلیکترۆنی پێشان بدەین:-

1. کارلێککردن:- بەکاربەران بۆ داواکردنی زۆرترین زانیاری یاخود بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان دەتوانن کارلێککردن لەگەڵ ماڵپەڕەکانی ریکلامدا بکەن، هەروەها بەکارهێنەر دەتوانێت کلیکێك بکات و زانیاری تەواو لەبارەی خەسڵەتەکانی بەرهەم و کاڵاکانەوە لەو ماڵپەڕانەدا وەربگرێت و هەموو شتێك بزانێت. تەنانەت بەکاربەر دەتوانێت ئەزموون لەکاڵاکە وەربگرێت و کارلێکی لەگەڵدا بکات. بۆ نمونە وەك بەرنامە ریکلامگەرییەکان، کە هەموو بەکارهێنەرێك دەتوانێت کۆپیەك یاخود وێنەیەکی لە مۆبایلەکەی یاخود لە کۆمپیوتەرەکەیدا داونلۆدی بکات و زانیاری پێویست لەبارەی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانەوە دەست بکەوێت.

ﻫ بەخێرایی گەیشتن بەجەماوەر:- ریکلامی ئەلیکترۆنی یاخود ریکلامی تۆڕی ئینتەرنێت، بەدرێژایی 24 کاتژمێرو بەدرێژایی رۆژانی هەفتە بەردەستە، هەر ئەمە دەرفەتێکی باشی بۆ کۆمپانیا ریکلامییەکان رەخساندووە، کە رۆژانە دەتوانێت چاودێری و بەدواداچوونی ورد بۆ هەڵمەتە ریکلامییەکانی بکات و خۆی نوێی بکاتەوە.

3. کەمبوونەوەی تێچوون: ریکلامی ئەلیکترۆنی لەچاو ئامرازەکانی دیکەوە تێچوونی لە 25% کەمترە، کە بێگومان ئەمە بەهۆی فەراهەمبوونی ژێرخانی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و پەرەسەندنی بەرنامەی زانیارییەکانەوە. (صبرة 2009، 254)
4. جیهانیبوونی خستنەرووی ریکلام:- ریکلامی ئەلیکترۆنی لە ریکلامی هەموو ئامرازە باوەکانی دیکەدا سەرکەوتووترە، بێگومان ئەمە بەهۆی ئەو تواناو هێزمەندییە ناسنووردارییە کە لە ئاستی جیهاندا هەیەتی، بە بێ ئەوەی رووبەڕووی هیچ بەربەست و یاسا و سنووربەندییەکی ریکلام ببێتەوە، لە سەرانسەری جیهاندا. هەروەها بەبێ ئەوەی پەنا بۆ ئامرازی جۆراوجۆرتر بات. (وایت 2011، 324)
5. توانای کڕینی راستەوخۆ: ریکلامی ئەلیکترۆنی دەرفەتی کڕینی راستەوخۆو خێرای بۆ کاڵا و خزمەتگوزارییەکان رەخساندووە. زانینی نرخ و بەئاسانی

کڕین و دەستکەوتنی لەڕێگەی بانکی ئەلیکترۆنی، کەوا ڕاستەوخۆو بەخێرایی بۆ کڕیار باردەکرێت و ڕەوانە دەکرێت.

6. توانای دەستکەوتنی زانیاری لەبارەی کاڵا و خزمەتگوزارییەکەوە:- تاکی بەکارهێنەر دەتوانێت بڕێکی یەکجار زۆر لە زانیاري ئاماری، لەبارەی کاڵا و خزمەتگوزارییەکانەوە دەستبکەوێت. (العبدلي 2011، 225)

7. پۆلێنکردنی بازاڕ:- ڕیکلامی ئەلیکترۆنی، بازار بۆ چەند لایەنێکی جیاواز پۆلێن دەکات، وەک تەمەن، ڕەگەز،...هتد. (عەبدوڵڵا 2014، 40)

## تەوەری دووەم: بڕیاری کڕین

### یەکەم: پێناسەی بڕیاری کڕین:

بەکاربەران لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بڕیاری زۆر دەدەن، هەر بۆیە زۆربەی کۆمپانیا و بەرهەمهێنەران گرنگی بەو پرۆسەیە دەدەن، کە مەبەست لەم گرینگیدانە زانینی وەڵامەکانی بۆچی؟ لەکوێ؟ چۆن؟ چەند؟ و کەی؟، کەوا بەکاربەران کاڵاو خزمەتگوزارییەکان دەکڕن و بەکاریدەهێنن.

بڕیاری کڕین، سەرجەم ئەو هەنگاوانەیە کە بەکاربەر پەنای بۆ دەبات، لە پێناو کڕینی کاڵایەکی دیاریکراو کە پێداویستی و ئارەزووەکانی بەکاربەر دابین دەکات. دوای ئەوەی بە قۆناغەکان تێپەردەبێت، کە بریتین لە دیاریکردنی پێداویستی، گەڕان بەدوای پێداویستیەکە، دیاریکردن و کەمکردنەوەی بژاردەکان و هەڵبژاردنی باشترین، دواجار ڕەزامەندی بەکڕین کۆتایی بە پرۆسەکە دێت. (العسكري 2008، 74)

لەلایەکی ترەوە بڕیاری کڕین بەم شێوەیە پێناسە کراوە:- سەرجەم ئەو چالاکیە هزری و هەڵسوکەوتانەیە کە بەر لە بڕیاری کڕین، بەکاربەر بۆ گەیشتن بەکاڵاو خزمەتگوزارییەکان لەچوارچێوەی تێرکردنی حەزو پێداویستیەکان هەوڵی بۆ دەدەن. (عبدالعزيز 2016، 45)

بەڵام (Kotler & Dubois) بڕیاری کڕین وا پێناسە دەکات:-"پرۆسەی دیاریکردنی باشترین بژاردەیە لەنێو کۆمەڵێک بژاردە لە کاڵا و خزمەتگوزارییەکان کە ئەو پەڕی ڕادەی پێویستی حەزەکانی بەکاربەر بەکەمترین تێچوو پڕدەکاتەوە". (P. Kotler, B.Dubois, 2004, 279).

### دووەم: گرنگی بڕیاری کڕین:-

گرنگی بڕیاری کڕین، پەیوەستە بە سروشتی ئاڵۆزی بەکاربەر لەبارەی دیاریکردنی کاڵا یاخود خزمەتگوزارییەک. توێژەران هەوڵیانداوە بەشێوەیەکی فراوانتر لەڕووی چەمک و شێوازەوە لێکۆڵینەوە لەوبوارەدا ئەنجام بدەن، تاوەکو پێشکەوتنی زیاتر بێتەدی لەوەی کە زانستە ڕەفتارییەکان فەراهەمیان کردووە. بەو گرنگیدانە تێگەیشتن و کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری کڕین لای بەکاربەر بەشێوەیەکی کاریگەرتر هاتۆتەپێش. (العجي 2014 ، 45)

ڕەفتاری کڕین لەسەر تێگەیشتن و چۆنیەتی بیرکردنەوەی بەکاربەر، یارمەتیدەری بازارکاران دەبێت، ئایا هەستی بەکاربەر چۆن چۆنیە؟ چۆن بژاردەکانی بەرهەم و براندە بازرگانییە هاوشێوەکان دیاریدەکات؟ چۆن بەکاربەران بە ژینگەی گروپەکان و خێزان کاریگەر دەبن؟ چۆن رفتاری بەکاربەر دەکەوێتە ژێر کاریگەری فاکتەری کەلتوری و کۆمەڵایەتی و کەسایەتی و دەروونییەوە؟. زۆربەی ئەم هۆکارانە ناتواندرێ کۆنترۆڵ بکرێ و لەدەرەوەی دەسەڵاتی فرۆشیاران دایە، بەڵام پێویستە لەبەرچاو بگرێت و هەوڵی تێگەیشتن لە ڕەفتاری ئاڵۆزی بەکاربەر بدرێت. (طارق 2008 ، 22)

### سێیەم: جۆرەکانی بڕیاری کڕین:-

جۆری بڕیاردانی کڕین جیاوازە لە بەکاربەرێکەوە بۆ بەکاربەرێکی تر، کە پەیوەستە بە کۆمەڵێک فاکتەرەوە لەوانە ئاڵۆزی شوێنی کڕین و ژمارەی بەشداربووان لە بڕیاری کڕیندا، بۆیە دەکرێت بڕیاری کڕین دابەش بکرێت بەسەر:-

- بڕیاری کڕینی ئاسایی (ڕۆتین) :- بەکاربەر کاتێک ئەو بڕیارە دەدات کە کڕینێکی ڕۆتینی ڕۆژانە ئەنجام دەدات، بۆئەوەی لە پرۆسەی بڕیارداندا واز لە چەندین هەنگاو بهێنێت، هەر بۆیە زۆر ناخایەنێت و لەپرۆسەی کڕیندا پێویستی بە کاتێکی زۆر نابێت، چونکە بە سادەیی هەمان بەرهەم و براند دەکڕێتەوە. (al-jeraisy 2008, 105)
- بڕیاری کڕینی ئاڵۆز یان بەگرێ و گۆڵ:- ئەو جۆرە بڕیارانەن کە بەکاربەر دەیدات کاتێک کە بۆ یەکەمجار کاڵا یان خزمەتگوزاریەک دەکڕێت، بەتایبەتی کاتێک ئەوکاڵایانە نرخیان بەرزەو تارادەیەک زۆر مەترسیدارن. (بن عيسى 2013، 9)
- بڕیاری کڕین لەپێناو کەمکردنەوەی رکاربەری:- ئەو بڕیاری کڕینە لەکاتێک ڕوودەدات کە بەکاربەرەکان بەرادەیەکی زۆر لە پرۆسەی کڕینی بەرهەمێکی گران بەهادا هاوبەش بن، ئەگەرچی ئەمە سەرکێشیەکی گەورە لەخۆ دەگرێت، بەڵام ئەوان جیاوازی نێوان براندەکان بەدی دەکەن. (الصميدعي،يوسف 2011، 117)
- . بڕیاری کڕین سنووردار:- پرۆسەی بڕیاردان کارێکی ئەستەمە، چونکە بەکاربەر کە ڕووبەڕووی کەلوپەل یان خزمەتگوزاریەکی نوێ و زۆر دەبێتەوە کە پێشتر ئاشنای نەبووە، هەر بۆیە لە گەڕانی بەردەوامدایە بۆ زانینی خاسیەت و کەم و کوڕییەکانی ئەو براندانەی کە لەبەردەستدایە. (al-jeraisy 2008, 106)
- بڕیاری کڕینی گەڕان بەدوای جۆراوجۆربوون و گۆڕانکاریدا:- پەرەسەندنی ژینگەی دەوروبەرو پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین بەرهەمی جۆراوجۆرو هەمەجۆر بە بەردەوامی، ئەمە بەکاربەر بەو ئاراستەیە دەبات کە بڕیاری هەمەجۆری بدات. (الصميدعي،يوسف 2011، 88).

•بڕیاری کڕینی بەرهەمی نوێ:- بەرهەمە نوێیەکان بەلای بەکاربەران ئەو بەرهەمانەن کە پێشتر نەیکڕیوون، هیچ زانیارییەکی لەسەریان نییە، بۆ یەکەمجارە دەخرێتە بازار، بۆیە پێویستە ریکلام و چالاکییەکانی بازارکاری چڕتر بکرێت و یارمەتیدەربن بۆ خاوەن بەرهەم و خزمەتگوزارییەکان، هەروەها بۆ گەشەکردن و بەردەوامبوون و خۆڕاگری لەبازاڕو هەبوونی توانای ڕکابەری. (الصميدعي،يوسف 2011، 121)

## چوارەم: قۆناغەکانی بڕیاردانی کڕین:-

لەئەنجامی ئەو فاکتەر و کاریگەرییە زۆرەی کە لەسەر بەکاربەر هەیە، بڕیاری کڕین بەچەندین ڕێکاری جیاوازدا دەڕوات، ئەمە وادەکات پرۆسەی دەستنیشانکردنی زۆر قورس بێت، بەڵام چەند ڕێگاو هەوڵ و قۆناغ هەیە، کە کڕیار بەر لەکڕین پێدا تێپەر دەبێت، لەوانە:-

**1**- هەستکردن بە پێویستی کاڵاکە:- کە خاڵی سەرەتا لەخۆ دەگرێت لە پرۆسەی کڕین یاخود دەستکەوتنی کاڵایەک یان خزمەتگوزارییەکی دیاریکراو. لە قۆناغی هەستکردن بەپێویستی کاڵای بەکاربردن، ئەوکاتە دەردەکەوێت کە بەکاربەر جیاوازی مێوان باری ئێستاو باری ویستراو دەکات. ئەم هەستە پێویستییە لە ئاکامی تایبەتمەندی ناخەوە دەردەکەوێت، وەک ئارەزوو بۆ تێرکردنی پێداویستییەکی ماددی یان دەروونی یان کاریگەری دەرەکی وەک میدیای ریکلامکردن، بۆ بەکاربەر سوودی لەسەر بەردەوامیدان بەگەڕانی زیاتر بۆ گەیشتن بە قۆناغی تێربوون دەبێت. (المنصور 2006، 77)

٢- گەڕان بەدوای زانیاری:- سەبارەت بە لایەنی بەکاربردنی تاک، کاتێک گرفتێک دروست دەبێت، بەشێوەیەکی سروشتی کار بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک لەڕێگەی پرۆسەی گەڕان بەدوای زانیاریدا دەکرێت، کەوا پەیوەست بە ئەلتەرناتیڤی جیاواز و گەیشتن بە ئاکامێک بۆ تێرکردنی ئارەزوو پێداویستە جۆراوجۆرەکان بێت.(الميناوي 2010، 31)

٣- هەڵسەنگاندنی جێگرەوەکانی بەر دەست:- دوای ئەوەی بەکاربەر لە دیاریکردنی گرفتی بەکاربردن رزگاری دەبێت، ئەوا بابەتی دیاریکردنی جێگرەوەکانی بەردەستە دروست دەبێت، جگە لە پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیاری و داتاکان بەرەو قۆناغی هەڵسەنگاندن و دیاریکردنی سەرنجراکێشی دەڕوات. لێرەدا بەهۆی پشت بەستن بەژمارەیەک پێوەر کە لەراستیدا ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندی ئەو خەسلەتانەیە کەلەلایەن بەکاربەرەوە خواستراون. (عبيدات 2012، 67)

4- هەڵبژاردنی باشترین جێگرەوە:- لەم قۆناغەدا بەکاربەر کار بۆ هەڵبژاردن لەنێوان جێگرەوەکان کەبریتین لە کاڵا و خزمەتگوزارییە نمایشکراوەکان دەکات. لێرەدا دەتوانێت حەزەکانی تێر بکات، بەتایبەتی دوای ئەوەی پرۆسەی کۆکردنەوەی داتای تەواو و دروست لەسەر ئەو ئاڵتەرناتیڤە جۆراوجۆرانە لە کاڵاو خزمەتگوزاری پێشکەش کراوە، هەروەها لەم پرۆسەیەدا ئەوە بەدی دەکرێت، کە لەبەکاربەرێکەوە بۆ بەکاربەرێکی تر جیاوازە، بەواتای بڕیاری کڕین لای بەکاربەران جیاوازە. (الطائي،العسكري 2012، 116)

5- بڕیاری کڕین:- ئەم قۆناغە بەدەرئەنجامی قۆناغەکانی پێشووە دادەندرێت، چونکە لە چەندین جیاکاری نێوان جێگرەوەی کاڵاکان یان خزمەتگوزارییەکان دروست بووە، زۆرجار ئەو کالایەی دەکرێت یان ئەو خزمەتگوزارییەی داوا دەکات، لەدوای پرۆسەی هەڵسەنگاندنەکە و هەڵبژاردنی کاڵایەکی گونجاودا کە پێویستی و ئارەزووەکانی خۆی تێر بکات. لێرەدا ریکلامکاران کار لە هەڵسوکەوتی بەکاربەر دەکەن، بۆئەوەی بڕیاری کڕین بکەوێتە ژێر کاریگەرییەکانی ریکلام و لەوێوە بەئەرێنی باس لە بەرهەمەکەی بکات. (يوسف،صميدعي 2007، 86)

6- رەفتاری دوای کڕین:- پرۆسەی کڕین بۆ بەکاربەر پشت بە بڕیاری کڕینی کاڵایەک یان داواکردنی خزمەتگوزارییەکی دیاریکراو نابەستێت، بەڵکو بۆ ڕەفتاری دوای کڕین درێژدەبێتەوە، کە لە بنەڕەتدا رازیبوون یان نارازی ئەم بەکاربەرە دەگرێتەوە، سەبارەت بەو بابەتەی کە کڕیویەتی، تاوەکو چۆن ئامادە بێت ئەم کڕینە دووبارە بکاتەوە، یاخود چۆن بەکاری دەهێنێت، ئەم خزمەتگوزارییە دەیقۆزێتەوە، کەئاخۆ چەند پێویستی بە خزمەتگوزاری دوای کڕین یان فرۆشتن هەیە. (العجي 2014 ، 163)

## بەشی سێیەم: لایەنی مەیدانی

### شیکردنەوەی فۆرمی ڕاپرسی و خستنەڕووی زانیارییەکانی توێژینەوە

**خشتەی(1) ڕەگەزی نموونەی توێژینەوە دیاری دەکات**

| ڕەگەز | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | 164 | %54.7 |
| مێ | 136 | %45.3 |
| کۆی گشتی | 300 | %100 |

لەم خشتەیە کە ڕەگەزی نموونەی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە، ڕەگەزی نێر لە نموونەی توێژینەوە بەرێژەی(54.7%) بە پلەی یەکەم هاتووە بە(164) دووبارەبوونەوە. ڕەگەزی مێ لە نموونەی توێژینەوە بەپلەی دووەم دێت بەرێژەی(45.3%) بە(136) دووبارەبوونەوە.

**خشتەی(2) قۆناغی خوێندنی نموونەی توێژینەوە دیاری دەکات**

| قۆناغ | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلە بەندی |
|---|---|---|---|
| یەکەم | 179 | %59.7 | یەکەم |
| دووەم | 53 | %17.7 | دووەم |
| سێیەم | 30 | %10 | سێیەم |
| چوارەم | 38 | %12.6 | چوارەم |
| کۆی گشتی | 300 | %100 | |

لەم خشتەیە کە قۆناغی خوێندنی نموونەی توێژینەوە روون دەکاتەوە، قۆناغی یەکەم بەرێژەی(59.7%) بە پلەی یەکەم هاتووە بە(179) دووبارەبوونەوە. قۆناغی دووەم لەنموونەی توێژینەوە بە پلەی دووەم دێت بەرێژەی(17.7%) بە(53) دووبارەبوونەوە، هەروەها لەپلەی سێیەمدا قۆناغی چوارەم دێت بەرێژەی(12.6%) بە(38) دووبارەبوونەوە. لەپلەی چوارەم و کۆتایدا قۆناغی سێیەم بەرێژەی(10.0%) بە(30) دووبارەبوونەوە دێت.

**خشتەی(3) باری دارایی نموونەی توێژینەوە دیاری دەکات**

| باری دارایی | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلە بەندی |
|---|---|---|---|
| باش | 20 | %6.7 | سێیەم |
| مام ناوەند | 217 | %72.3 | یەکەم |
| خراپ | 63 | %21 | دووەم |
| کۆی گشتی | 300 | %100 | |

لەم خشتەیەدا کە باری دارایی نموونەی توێژینەوە روون دەکاتەوە، باری دارایی مام ناوەند بەپلەی یەکەم بەرێژەی(72.3%) هاتووە بە(217) دووبارەبوونەوە. باری دارایی خراپ بەپلەی دووەم بەرێژەی(21.0%) بە(63) دووبارەبوونەوە دێت، هەروەها لە پلەی سێیەمدا باری دارایی باش بەرێژەی(6.7%) بە(20) دووبارەبوونەوە دێت.

لەم خشتەی سەرەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکەمان کە قوتابیانی زانکۆن باری داراییان لە ئاستی مام ناوەندایە وەك لەخشتەکەدا دەرکەوتووە، هەروەها زیاتر لە یەک لەسەر سێ نموونەی توێژینەوە لە ئاستی مام ناوەند و باشدا

## خشتەی(4) پسپۆری نموونەی توێژینەوە دیاری دەکات

| پسپۆری | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلە بەندی |
|---|---|---|---|
| ئەندازیاری | 134 | %44.7 | یەکەم |
| کارگێری | 92 | %30.7 | دووەم |
| پزیشکی | 74 | %24.7 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 300 | %100 | |

لەم خشتەیەدا کە پسپۆری نموونەی توێژینەوە روون دەکاتەوە. پسپۆری ئەندازیاری بە پلەی یەکەم بەرێژەی(44.7%) هاتووە بە(134) دووبارەبوونەوە،. پسپۆری کارگێری بە پلەی دووەم دێت بەرێژەی(30.7%) بە(92) دووبارەبوونەوە هەروەها لە پلەی سێیەمدا پسپۆری پزیشکی بەرێژەی(24.7%) بە(74) دووبارەبوونەوە دێت.

**خشتەی(5) ڕادەی بەرکەوتنی نموونە بەریکلامی ئەلیکترۆنی دیاری دەکات**

| ڕادەی بەرکەوتن | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلە بەندی |
|---|---|---|---|
| زۆر | 87 | %29 | دووەم |
| تارادەیەک | 150 | %50 | یەکەم |
| کەم | 63 | %21 | سێیەم |
| کۆی گشتی | 300 | %100 | |

لەم خشتەیەدا کە ڕادەی بەرکەوتنی نموونەی توێژینەوە بەریکلامی ئەلیکترۆنی روون دەکاتەوە، ئەوانەی تارادەیەک بەرکەوتنیان لەگەڵ ریکلامی ئەلیکترۆنی هەیە، بەپلەی یەکەم بەرێژەی(50.0%) هاتووە بە(150) دووبارەبوونەوە. هەرچی ئەوانەی زۆر بەرکەوتنیان لەگەڵ ریکلامی ئەلیکترۆنی هەیە، بە پلەی دووەم و بەرێژەی(29.0%) بە(87) دووبارەبوونەوە دێت. هەروەها لەپلەی سێیەمدا ئەوانەی کەم بەرکەوتنیان لەگەڵ ریکلامی ئەلیکترۆندا هەیە، بەرێژەی(21.0%) بە(63) دووبارەبوونەوە دێت.

ئەگەر سەرنج بدەین لەم خشتەیەدا بۆمان دەردەکەوێت ڕادەی بەرکەوتنی نموونەی توێژینەوە بەریکلامی ئەلیکترۆنی لە ئاستێکی بەرز دایە، بەو واتایەی کەبەشی زۆری قوتابیانی زانکۆ لەگەڵ ریکلامی ئەلیکترۆنی بەرکەوتنیان هەیە.

**خشتەی(6) ڕادەی بەرکەوتنی نموونە بەریکلامی ئەلیکترۆنی دیاری دەکات**

| برگەکان | لەگەڵ نیم بەتەواوی | | لەگەڵ نیم | | بێ لایەنم | | لەگەڵم | | لەگەڵم بەتەواوی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % | ژ | % |
| ریکلامی ئەلیکترۆنی سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاریە بۆ کڕینی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان یارمەتیم دەدات. | 18 | %6 | 47 | %15.7 | 78 | %26 | 117 | %39 | 40 | %13.3 |
| بۆکڕینی کاڵاو پێداویستیەکان ریکلامە ئەلیکترۆنیەکان هاندەرێکی خێران. | 19 | %6.3 | 40 | %13.3 | 65 | %21.7 | 135 | %45 | 41 | %13.7 |
| ناوەڕۆکی پەیامە ریکلامیەکان سەرنجڕاکێش و باوەڕپێکراون | 32 | %10.7 | 93 | %31 | 91 | %30.3 | 65 | %21.7 | 19 | %6.3 |
| ریکلامی ئەلیکترۆنی بۆدۆزینەوەی پێویستیە گرنگەکانم یارمەتیم دەدات | 18 | %6 | 44 | %14.7 | 70 | %23.3 | 123 | %41 | 45 | %15 |
| ریکلامی ئەلیکترۆنی چەندین بژاردەم پێشکەش دەکات کاریگەریان لەسەر بڕیاری کڕینم هەیە | 20 | %6.7 | 40 | %13.3 | 82 | %27.3 | 127 | %42.3 | 31 | %10.3 |
| ریکلامی ئەلیکترۆنی یارمەتیم دەدات بۆ دەستنیشانکردنی باشترین بژاردە لەنێوان ئەوەی پێشکەش دەکرێن. | 19 | %6.3 | 63 | %21 | 58 | %19.3 | 51 | %17 | 109 | %36.3 |

لەبرگەی 1ی خشتەی(6) دەردەکەوێت، کەوا ڕێژەی(39%)ی نموونەی توێژینەوە لەگەڵن. کە ریکلامی ئەلیکترۆنی سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاریە و بۆ کڕینی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان یارمەتیان دەدات. بەرزترین ڕێژەیە بەپلەی یەکەم هاتووە بە(117) دووبارەبوونەوە. 26%ی نموونەی توێژینەوە بەبێ لایەن وەڵامیان داوەتەوە بە (78) دووبارەبوونەوە، ئەوانەی بەتەواوی لەگەڵن ڕێژەکەیان(13.3%)ە بە(40) دووبارەبوونەوە، هەروەها ئەوانەی لەگەڵ نین ڕێژەیان(15.7%)ە بە(47) دووبارەبوونەوە. ڕێژەی(6%) لەنموونەی توێژینەوە بەتەواوی لەگەڵ نین بە(18) دووبارەبوونەوە.

لەبرگەی2 خشتەی(6)دا دەردەکەوێت، کەوا ڕێژەی(45.0%)ی نموونەی توێژینەوە لەگەڵن کە ریکلامە ئەلیکترۆنیەکان هاندەرێکی خێران بۆ کڕینی کاڵا و پێداویستەکانیان، بەرزترین ڕێژە بەپلەی یەکەم هاتووە بە(135) دووبارەبوونەوە، لەکاتێکدا (21.7%)ی نموونەی توێژینەوە بە بێ لایەن وەڵامیان داوەتەوە بە(65) دووبارەبوونەوە.، ئەوانەی کە بەتەواوی لەگەڵن ڕێژەکەیان(13.7%)ە بە(41) دووبارەبوونەوە، هەروەها ئەوانەی لەگەڵ نین ڕێژەیان(13.3%)ە بە(40) دووبارەبوونەوە، ڕێژەی(6.3%) لە نموونەی توێژینەوە بەتەواوی لەگەڵ نین بە(19) دووبارەبوونەوە.

لەبرگەی3 خشتەی(6)دا دەردەکەوێت، کەوا ڕێژەی(31%)ی نموونەی توێژینەوە

لەگەڵ نین ناوەرۆکی پەیامە ریکلامیەکان سەرنجڕاکێش و باوەڕپێکراوبن، بەرزترین ڕێژەیە بەپلەی یەکەم بە(93) دووبارەبوونەوە هاتووە. ئەوانەی کە بێ لایەنن ڕێژەکەیان(30.3%)ە بە(91) دووبارەبوونەوە، کەچی دەبینین(21.7%)ی نموونەی توێژینەوە بە(65) دووبارەبوونەوە لەگەڵن، هەروەها ئەوانەی لەگەڵ نین بەتەواوی ڕێژەیان(10.7%)ە بە(32) دووبارەبوونەوە، ڕێژەی(6.3%) لە نموونەی توێژینەوە بەتەواوی لەگەڵن بە(19) دووبارەبوونەوە.

لە بڕگەی4 خشتەی(6)دا دەردەکەوێت، کەوا ڕێژەی(41%)ی نموونەی توێژینەوە لەگەڵن، کە ریکلامی ئەلیکترۆنی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بۆ دۆزینەوەی پێویستییە گرنگەکان یارمەتییان دەدات، بەرزترین ڕێژەیە بەپلەی یەکەم بە(123) دووبارەبوونەوە هاتووە، کەچی دەبینین(23.3%)ی نموونەی توێژینەوە بە بێ لایەن وەڵامیان داوەتەوە بە(70) دووبارەبوونەوە. ئەوانەی لەگەڵن بەتەواوی ڕێژەیان(15%)ە بە(45) دووبارەبوونەوە، هەروەها ئەوانەی لەگەڵن ڕێژەیان(14.7%)ە بە(44) دووبارەبوونەوە. ڕێژەی(6%) لە نموونەی توێژینەوە بەتەواوی لەگەڵ نین بە(18) دووبارەبوونەوە.

لە بڕگەی5 خشتەی(6)دا دەردەکەوێت، کەوا ڕێژەی(42.3%)ی نموونەی توێژینەوە لەگەڵن، کە ریکلامی ئەلیکترۆنی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا چەندین بژاردە پێشکەش دەکات، بەشێوەیەک کاریگەرییان لەسەر بڕیاری کڕین هەیە، بۆیە بەرزترین ڕێژە بەپلەی یەکەم بە(127) دووبارەبوونەوە هاتووە. کەچی دەبینین(27.3%)ی نموونەی توێژینەوە بە بێ لایەن وەڵامیان داوەتەوە بە(82) دووبارەبوونەوە، هەروەها ئەوانەی لەگەڵ نین ڕێژەیان(13.3%)ە بە(40) دووبارەبوونەوە، ئەوانەی کە لەگەڵن بەتەواوی ڕێژەکەیان(10.3%)ە بە(31) دووبارەبوونەوە، ڕێژەی(6.7%) لە نموونەی توێژینەوە بەتەواوی لەگەڵ نین بە(20) دووبارەبوونەوە.

لە بڕگەی6 خشتەی(6)دا دەردەکەوێت، کەوا ڕێژەی(36.3%)ی نموونەی توێژینەوە لەگەڵن بەتەواوی، کە ریکلامی ئەلیکترۆنی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یارمەتیان دەدات بۆ دەستنیشانکردنی باشترین بژاردە لەنێوان ئەوەی پێشکەش دەکرێن، بەرزترین ڕێژەیە بەپلەی یەکەم بە(109) دووبارەبوونەوە هاتووە، هەروەها ئەوانەی لەگەڵ نین ڕێژەیان(21%)ە بە(63) دووبارەبوونەوە، کەچی دەبینین(19.3%)ی نموونەی توێژینەوە بەبێ لایەن وەڵامیان داوەتەوە بە(58) دووباربوونەوە، ئەوانەی لەگەڵن ڕێژەکەیان(17%)ە بە(51) دووبارەبوونەوە، ڕێژەی(6.3%) لە نموونەی توێژینەوە بەتەواوی بە(19) دووبارەبوونەوە لەگەڵ نین.

## دەرئەنجامەکان

1. ریکلامی ئەلیکترۆنی سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاری بەکارهێنەرانە، یارمەتیان دەدات لەدیاریکردنی کاڵا وخزمەتگوزاری پێویست و هەڵبژاردنی باشترین بژاردە.
2. بەشی زۆری نموونەی توێژینەوەکە، ریکلامی ئەلیکترۆنی بە هاندەرێک بۆ کڕینی پێداویستیەکانیان دەزانن.
3. نموونەی ئەم توێژینەوەیە، پەیامەکانی ریکلامی ئەلیکترۆنیان بەلاوە سەرنجڕاکێش و باوەڕپێکراو نیە، چونکە بەرکەوتەی ریکلامێک بوونە، کە ناوەرۆکی پەیامەکە و کاڵاکە هاوشێوە نەبووە.
4. ریکلامی ئەلیکترۆنی کاریگەری لەسەر بڕیاری کڕین هەیە، چەندین بژاردەی پێشکەش دەکات. هاریکارە بۆ دەستنیشانکردنی باشترین و گونجاوترین بژاردە لەنێوان ئەوانەی پێشکەشکراوە. لەئەنجامدا کاریگەری لەسەر بڕیاری کڕین هەیە.

## ڕاسپاردەکان

1. پێویستە ڕۆڵی ریکلامی ئەلیکترۆنی کاراتربکرێت، تاوەکو بۆ پەسەندکردنی بەشێوەیەکی فراوانترو کاریگەرتر، کاریگەری لەسەر بڕیاری کڕینی بەکاربەران هەبێت.
2. پێویستە گرنگی بەهاندان لەریکلامی ئەلیکترۆنی بدرێت، چونکە کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوت و بڕیاری کڕینی بەکاربەراندا هەیە.
3. پێویستە ریکلامی ئەلیکترۆنی هەموو زانیاریەک لەسەر ئەو کاڵاو خزمەتگوزاریانە دابین بکات، کە بەکارهێنەران بەدوایدا دەگەڕێن، لەگەڵ ئەوەدا زانیارییەکان باوەڕپێکراو و سەرنجڕاکێش دەبن.
4. پێویستە دارشتنی ناوەڕۆکی پەیامی ریکلامی ئەلیکترۆنی، بە شێوەیەک بێت کە بەشداری لە بنیاتنانی وێنەیەکی پۆزەتیڤی دەروونی بۆ بابەتە ریکلامکراوەکان بکات.

## لیستی سەرچاوەکان


1- أحمد شاكر العسكري (2008)، التسويق مدخل استراتيجي. عمان: دار الشروق.

2- اسمير عبد الرزاق العبدلي(2011) وسائل الترويج التجاري(مدخل تحليلي متكامل).عمان،الأردن: دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة.

3- باران محەمەد عەبدوڵڵا(2014) ریکلامی ئینتەرنێت و ڕەفتاری بەکاربەر. هەولێر: چاپخانەی موکریان.

4- بركان دليلة (2011) "تأثير الاتصال الغير الرسمي على اتخاذ القرار."مجلة الأبحاث الاقتصادية و الإدارية،العدد 10 (جامعة بسكرة).

5- بشير العلاق(2006) التسويق في عصر الانترنت والاقتصاد الرقمية،الأردن: دار المناهج.

6- جەمال عەبدول(2004) فەرهەنگی ڕاگەیاندن. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

7- حسنين شفيق(2009) الإعلام التفاعلى. القاهرة: 2ط، دار فكر و فن للطباعة و النشر والتوزيع.

8- حميد الطائي، احمد شاكر العسكري (2012) الاتصالات التسويقية المتكاملة مدخل استراتيجي.عمان: دار اليازوي.

9- د.إيمان عبدالرحمن(2005) المرجع المختصر في الإدارة. حلب: ط1،شعاع للنشر والعلوم.

10- سارة وايت (2011) أساسيات التسويق. القاهرة، مصر: دار الفاروق للنشر والتوزيع، ط1.

11- سمر توفيق صبرة (2009) مبادئ التسويق ل لفنون التطبيقية. عمان، الأردن: مكتبة المجنع العربي للنشر.

12- طه طارق (2007) التسويق بالانترنت والتجارة الالكترونية. الإسكندرية: دار الجامعة.

13- طه طارق(2008) إدارة التسويق. الاسكندرية: دار الجامعة الجديدة.

14- عائشة مصطفى الميناوي (2010) سلوك المستهلك مفاهيم و استراتيجيات. القاهرة، مصر: الطبعة 2، مكتبة عين شمس.

15- عبدالناصر سليم حامد(2012) معجم مصطلحات الخدمة الاجتماعية. عمان: دار أسامة للنشر والتوزيع.

16- على فلاح مفلح الزعبى(2016) الاعلان الكترونى (منطلقات نظرية وتطبيقات عملية). الامارات العربية المتحدة : دار الكتاب الجامعى ط1.

17- عنابي بن عيسى(2013) سلوك المستهلك. الجزائر: ط2، ديوان المطبوعات الجامعية.

18- كاسر ناصر المنصور(2006) سلوك المستهلك : مدخل الإعلان. عمان: ط 1، دار الحامد للنشر والتوزيع.

19- ماهر العجي(2014) سلوك المستهلك كيف تكسب الزبون. عمان، الاردن: الطبعة 2، دار الرضا للنشر.

20- محمد إبراهيم عبيدات(2012) سلوك المستهلك مدخل استراتيجي. الأردن: الطبعة الرابعة، دار وائل للنشر.

21- محمد رشاد يوسف، محمود جاسم صميدعي(2007) ادارة تسويق (تحليل تخطيطرقابة). عمان، الأردن: دار المناهج للنشر و التوزيع.

22- محمد عادل عبدالعزيز(2016) التجارة الإلكترونية والفكر المحاسبي. مصر: لطبعة الاولى.

23- محمود جاسم الصميدعى، ردينة عمان يوسف (2011) سلوك المستهلك. عمان، الاردن: دار المناهج،ط2.

24- al-jeraisy, Khaled ibn abdul-rahman(2008) consumer behavior. Riyadh, Saudi Arabia: king fahd national library cataloging in publication data , 3rd edition.

25- P. Kotler, B.Dubois, (2004)Marketing management. Paris: 11ème édition, édition Person éducation.

## The role of electronic advertising in preserving the decision to buy by university students

**(Research extracted from the 'PhD thesis)**

**Thahir Hamadamin Sabir**

Department of Media Techniques, Erbil Technical Administrative College, Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**A.P D. Saman Jala mawlood**

Department of media, College of Arts, Salahaddin University – Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

Abstract:

The purpose of this study is to know the extent of electronic advertising attention by university students. Showing the extent of electronic advertising's effectiveness on purchase decisions. This research is important as it attempts to understand the information about electronic advertising, which played a role in changing the purchase decision. From a perspective, the researcher scientifically presents the role of electronic advertising in encouraging the decision to buy by university students. This research is a descriptive study, to achieve detailed data and information about the subject of survey method research, the researcher used survey methods to produce detailed data and information about research subjects. The students of Erbil Polytechnic University are the participant of this research, which is the example of 300 students of both male and female genders. The most important results of this study is electronic advertising is an important source of consumer information that helps them choose the best option, electronic advertising has an impact on purchase decisions. In the research box, some recommendations have been made.